# وێنەیەکی سێ لا

**شیعری بەکر ئەحمەد**

ئازاری 1999

سەگی ماڵی دراوسێکەم
زۆر دەمێکە, وەڕینی لەبیرچۆتەوە.
کەناریی هاوڕێیەکم
باڵەکانی بۆ هەموو شتێك بەکاردێنێ, فڕین نەبێ.
ماسی حەوزی ئاشنایەکم
نەشەپۆل دەناسێتەوە
نە دەشزانێ دەریا هەیە لە حەوزەکەی ئەو بەرینتر.
هاوسێکەم و هاوڕێکەم و ئاشناکەشم
لە ڕۆشتن و بەرگپۆشین و خەوبینین و
تا لە خەونەکانیشیاندا
سێ جیهانی لەیەك دوورن
ئەگەرچی هەر سێ پێکەوەش , جیهانێکن.
بۆ هاوسێکەم, سەگ و مناڵ وەکو یەك وان.
مەستترین ساتی هاوڕێکەم, نوقوومبوونە لە ناو گۆرانی زیندانا.
ئاشناکەشم, ئەگەرچی ماسی خۆشدەوێ, بەلاّم لە دەریا دەترسێ.

ئازاری 1999